# ئەو حكومەتە خزمەت گوزاری یەكانی وەكو ئەفریقیایە و باجی وەكو ئەوروپایە

هیوا عومەر

كۆمەلێك تێبینی لە لام گەلاڵە بوون دەربارەی وەرگرتنی باج لە كارمەندانی یوئێن و ئەو نوسینانەی لەو بارەوە نووسراون تا ئێستا، دوا جار حەزم كرد بیان خەمە بەر چاوی خوێنەران.

لە هیچ وولاتێكی ئەو جیهانە كارمەندانی یوئێن باج نادەن بە حكومەتەكانیان. هەردوو ئیدارەكە ئەو راستیە باش دەزانن. بۆیەئەو باج وەرگرتنە هیچ ڕێ و شوێنی یاسایی تێناچێت. هەر بۆیەش لە كۆتاییدا ناویان نا خزمتگوزاری و نە شیان توانی لە ڕێگای یوئێنەوە وەری بگرن. لە هەولێر بۆ نموونە نوێترین ڕێگا بەكاردێت بۆ ئاگادار كردنەوەی ئەو كارمەندانە، لە ڕێگای موختاری گەڕەكەكان (نا ئاخر عەیبە با خەڵك گوێی لێ نەبێ لە تەلەفزیۆنەكانمان).

ئەگەر ئەو پارەیەی لەو كارمەندانە وەردەگیرێت لەبڕی خزمەتگوزاریەكانی حكومەت بێت، كۆمەلێك پرسیار لە لامان دروست دەكات، بەمافی خۆمانی دەزانین وەلامەكانیان بزانین. ئایا لە چ وولاتێك پارەی خزمەتگوزارییەكان لەسەر بنەمای ڕێژەی سەدی مووچەی فەرمانبەر وەردەگیرێت؟ یا ئایا كارمەندانی یوئێن وەكو هەموو هاووولاتییكی تر پارەی خزمەتگوزاری یەكان نادەن؟ دەكرێت بپرسین كامانەن ئەو خزمتگوزاری یە زیادانەی پێشكەشیان دەكرێت تا دووجار پارەی خزمەتگوزاری یەكانیان لێ وەردەگیرێت. ئەگەر مەسەلە كەش تەنها وەرگرتنی پارەیە بەبێ هیچ بنەمایەكی یاسایی و هیچ لۆژیكێك ئەوە مەسەلەیەكی ترە.

پێم وا یە هەردوو ئیدارەكە شایەنی دەستخۆشی لێكردنن لەو داهێنانە تازەیان. ئەگەر خەمخۆران و كوردەكانی دەرەوە هەوڵێ بدەن ڕەنگە ناوی هەردوو ئیدارەكە بچێتە نێو كتێبە پێوانەیی یەكان. ئەی بۆنا؟ تۆ ئەمرۆ بڕیارێك دەركەیت و لە ١٨ مانگ لەمەو بەرەوە كاری پێبكرێت، تو خوا ئەگەر ئەوە داهێنان نەبێت چی داهێنانە؟

تا چەند ئەو حكومەتانە هەوڵی دۆزینەوەی كاریان داوە بۆ لاوانی كورد؟ ئایا رازین بە مووچەیەكی مانگانەی ٣٠٠ دیناری لە یە كێك لە دامووەدەزگاكانیان دامان مەزرێنن، بەبێ تەزكیەی حیزبی؟ یان خاتری بەر پرسێكی ناسیاو كە دەبێ تامردن دەست لەسەر سینگ بۆی راوەستین و مەمنوونی بین. ئەوە خەمی دەیان دەرچووانی زانكۆیە كە بەبێ تەزكییەیەكی حیزبی ڕەنجی شانزە ساڵی خوێندنیان هیچ حیسابێكی بۆ ناكرێت. ڕەنگە هەندێك برادەر ئەو قسانە لە دڵیان گران بێت و پێیان وابێت سەرچاوەی ئەو قسانە دەروون ڕەشی و چاو هەڵنەهاتن بێت بەو تەجرووبەیەی كورد. ئەوان ئازادن چۆن شت لێك دەدەنەوە بەڵام ئێمەش مافی خۆمانە پرسیارەكانی ناخمان ئاشكرا بكەین و راستیەكان بە دەرخەین. دەشڵێم ڕەبی مووی لێبێ زووبانی پەنجەكانی هەڵوەری ئەو كەسەی چاوی بەو تەجرووبەیەی كورد هەڵنایەت.

ئەگەر بمانەوێت ئەو كارە بە هەڵوێستێكی نیشتیمانی یەوە ببەستینەوە ئەوە مەسەلەكە بە ئاقارێكی ترداەبەین. وەك دیارە هەڵوێستی نیشتیمانی چوارچێوەیەكی زۆر گشتی یە ودیاری كردنی زیاتر پەیوەندی بە خودی تاكەكانەوە هەیە. ڕەنگە هەمووشمان كۆك بین لەسەر ئەوەی كە هەڵوێستی نیشتیمانی ماناو چوارچێوەی جیا جیا دەگەیەنێ بۆ كەسانی جیا جیا. بۆ نموونە لە لای دوو حیزبەكە هەڵوێستی نیشتیمانی ئەوەیە كە تۆ پرسیار لە هیچ كارێكیان نەكەی یا لە كاتی شەڕی ناو خۆ ئەوەی زیاتری كوشتبا نیشتیمان پەروەرتر بوو. دیسان ڕەنگە هەندێك برادەر بڵێن ئەوە درۆییكی سپیەو كەس بڕوای پێ ناكات. نازانم ئەو برادەرەش كە نووسی بووی، ڕەنگە ئەو پارەیەی لە كارمەندانی یوئێن وەردەگیرێت بەشێكی بۆ كەسووكاری شەهیدان دابین بكرێت، ئاگای لەو راستی یە هەیە كە ئەو مووچە مانگانەی كەسوكاری (شەهیدانی!!!؟) شەڕی ناوخۆ وەریدەگرن سێ بەقەدە ئەوەیە كە كەسوكاری ئەو شەهیدانە وەریدەگرن كە لە سەنگەرەكانی دژ بە ڕژێمی بەعس شەهیدكران. من پێم وایە كە باسی هەڵوێستی نیشتیمانی دەكەین دەبێ پەراوێزی زیاتر بە تاكەكان بدرێت و نا بێت شتێكی دیاری كراو بەسەریان دا بسەپێنرێت.

یا باشە بۆچی داوا لەو كارمەندانە دەكرێت هەڵوێستی نیشتیمانی یان هەبێت و كەچی سەركردەو بنكردەكان هەموو داهات و حیزب و حكومەت و كوردایەتی و هەڵوێستی نیشتیمانیان فرۆشت بەو پارەیەی لە حیسابی بانكیەكانیان هەیە لەدەرەوە. بیانووی لەو جۆرە لە ئیدارەیەك قەبول ناكرێت كە خۆی بەر لە هە مووان پێیە وە پەیوەست نی یە.

ڕەنگە کەسانێك بڵێن ئێوە تەنها مەبەستتان ئەوەیە خۆتان لە باجەکە بدزنەوە ئیتر ئەم هەموو شێر و ڕێویەی بۆ چی یە؟ من وادەزانم تاکەکان هەموو مافێکیان هەیە لە داکۆکی کردن لە خۆیان. تەنانەت هەستی ئینتیما کردنیش بۆ نەتەوەیەك یا کۆمەڵگایەك، لەوەوە دەست پیّ دەکات کە تاك تا چ رادەیەك حیساب بۆ بەرژەوەندی یە ماددی و مەعنەوی یەکانی دەکرێت. هەڵوێستی نیشتیمانی لە کۆتاییدا دەبیّ بۆ خۆشگوزەرانی و بەختەوەری تاك و کۆمەڵ بێت.

زۆرێك لە کێشەکانمان لە وەوە سەر هەڵدەگرێت چونکە تەنها سەرکردەکان حیساب بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەکەن و هەموو میللەتیش دەبێت تەنها حیساب بۆ بەرژەوەندی ئەوان بکات. من پێم وایە گەورەترین کێشەی ئێمە ئەوەیە کە تاك داکۆکی لەسەر بەرژەوەندی خۆی ناکات. بۆچی پالپشتی لە هەڵوێستێکی حیزبی بکەین کە دواجار بە بەرژەوەندی خۆمان ناشکێتەوە. یا بۆچی بڕو بیانوو و خەون و خەیاڵات بۆ ئیدارەیەك دروست کەین کە ئامادەیی تێدابێت لە هەر کاتێك دەست بخاتە دەستی شەیتان لە دژی کورد تەنها بۆ مانەوەی خۆی. بۆچی تاماوین دەست لەسەر سنگ بین بۆ ئەو سەرکردانەی تا لە ژیان ماون سەرکردەمانن؟ بۆچی جیاوازی بیروڕا لەگەڵ حیزبێك پیّوەری هەڵوێستی نیشتیمانی بێت؟ ئایا ئێمە بەو کارانە بە بەردەوامی دیکتاتۆرەکان بەرهەم ناهێنین؟

کیّ بەرپرسە لە کزبوونی هەستی ئینتیمایی نەتەوەیی لەلای زۆربەی چینەکانی کۆمەڵ؟ کیّ بەرپرسە لەو هەموو بیّ هوودەیی و بێزاری یەی لاوان؟ کیّ بەرپرسە لەو هەموو توانا و مرۆڤ و بیرو هۆشانەی کورد کە لە دژی کورد بەکار هات؟ چی بڵێین بە و هەموو لاوەی ئەم وولاتە بە هەموو شتیّ دەزانن تەنها وولاتی خۆیان نەبیّ؟ ئەو هەموو خزمەتگوزاریانەی باسیان دەکەن لە کوێن؟ ئەو خەڵکە بۆچی لەو بەهەشتە هەڵدێت؟ دەکرێت ئەو خەڵکە هەمووی خائن بێت؟ هەمووی گێژ بێت؟ هەمووی چاوی بەو تەجرو بە یە هەڵنەیەت؟ئایا تەنها حیزبی یەکان و ئەوانەی بە مێژوو و سەرکردەو ئیدارەکانیان هەڵدەڵێن نیشتیمان پەروەرن؟ ئایا پێویست دەکات ئەوەندە بە باڵای سەرکردەو بنکردەو ئیدارەکان هەڵبڵێین؟ یا بیان خەینەوە حەجمی خۆیان و پیّان بڵێین کە ئەوان مەهدی زەمانە نیین؟ ئەگەر ئەو میللەتە غەیری ئەو سە رکردانە کەسی تری نەبێت سەرکردایتی بکات بە ڕاستی جێی بە زەیی پیاهاتنەوەنی یە؟ زۆر جار لە نووسینی هەندیّ برادەر وا دەر دە کەویّ کە کەس (سەتڵی) وا باشی نە بێت و پێویست بکات ئەوروپیەکانیش بێن لای حکومەتەکانی خۆمان فێری بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی و چەسپاندنی دیموکراسی بن.

پێویستیمان بە فراوانکردنی پەراوێزی ئازادی هەیە. پێویستیمان بە بیستنی مێژوو حیزبەکان و شەڕەکان و مردووەکان نی یە. دڵنیابن ئەوەندەتان پیّ فرۆشتوین هەمووەمان ئەزبەرکردووە. لێگەڕێن با زیندووەکانیش مێژوویك بۆ خۆیان دروستکەن جیا لە هی حیزبەکان و مردووەکان ئەگەر ویستیان.

ئەگەر بکرێت لە کۆتاییدا داوای یەك خزمەتگوزاری بکەم لە سەر کردەی دوو حیزبەکە، تکایە پێویستیمان بە حەسانەوەیە، تکایە سەیرانگاکانمان بدەنەوە، کارەبامان لیّ مەبڕن، ئەو بیّ ویژدانانەی کەوتونەتە گیانی زانکۆ با ئەو یاریی یە کۆتایی پیّبێنن. ئەگەر واتان کرد پارەی زیاتریش بدەن لامان ئاسایی دەبێت.

٢٠٠٢/٩/٢٤



www.kurdistannet.org